
www.kurdistannet.org
21-3-2004 20:29

## نةورؤز و طر ..... خاَلة حةمة



سەرما هەڵات
وولاّتی گڕ گەرم داهات
گڕی ئاگر
لە چاوانی پڕ وەنەوزی ئێمەوە هات
چەندان زۆردار لە خاکماندا
مێشکیان پڕژا
ئەو ئاگرە ی وا بڵێسەی دێ
بەدەستی دوژمنا، چزا
کەچی هێشتا
ڕاوی نەوەی ئاگر دەکرێ
دوو، دوو، سێ، سێ
بۆ زیندانی بێ هەتاوی
فاشیست دەبرێ
کەچی هێشتا
گڕی ئاگر
خوێنی گەشی لاوەکانی دەکرێتە سەر
لایان وایە گڕ کپ دەبێ
بڵێسەی خۆی لێ وون دەبێ
پێنازانن
ئێسکی نەوەی ئەو ئاگرە
خۆی بەنزینە
خۆی پشکۆیە
خۆشی گڕە.
لایان وایە
بە نەمانی چەند دلێرێ
ئەو نەورۆزەی چەندانساڵە
خوێنی دەدرێ
ئەمڕۆ ناکرێ..
بەڵام خەیاڵی خاوە داگیرکەر
چ ئاخون و چ سوڵتان بێ
نەورۆز دەکەین ساڵی جارێ
نەکا گوللە
مەرگ ببارێ..
(2)
سەرما هەڵات
ئەمڕۆ سبەی
دوژمنی پیس دەبێ بڕوات
سەری شۆڕی دانەوێنێ
ئەو چەکەی وا
لاوی کوردی پێدەکوژێ
بە ئەژنۆی خۆی بیشکێنێ..
تابزانێ
ئەو دەستەی وا

بەری نەورۆزمان لێدەگرێ
ئەیسوتێنین
ئەو چەکوشەی کاوەی ئەمرۆ
لە مێشکی پوچیا دەشکێنین..
(3)
سەرما هەڵات
بۆ ڕزگاری خوێنە بەرات..
باپیرانمان وەها سەر بەرز
جێیان هێشتین
گەردنیان
پەتی سێدارە ماچی کرد
پانوپۆیان
شێی زیندان و
لیسی دەستی جەلادەکان
پێستی دەبرد
ڕەنگی دەبرد..
ئازیزانم
ئێوەش یەك، یەك پێدەزانن
ئەمڕۆژ نەبێ دەتانکوژن
پەتی تاوان
بۆ گەردنتان هەڵدەواسن..
دەست لە دەستنێن
سەر شۆڕ مەکەن
بەدارو پەردوی کوردستان
ئاگری نەورۆز بکەنەوە
دوا سرودی نەورۆزو خاك
بەیەکەوە بڵێنەوە..
(4)
سەرما هەڵات
کەس بەرنادات ڕێگەی خەبات
(شەرت) و مەرجی ئەو ئاگرە بێ
من خوێنی خۆم دەکەم خەڵات
ئەی بەخشم بەگشت خاکەکەم
بەلاوان و بە کیژانی وڵاتەکەم
کە دوای مەرگم
ئەو ئاگرەی وا مافی خۆمە
لەسەر گۆڕم بیکەنەوە
تا لاشەکەم گەرم دابێ و
لە دوژمنانم ڕاپەڕم
ئاگری نەورۆز لە چاویاندا بکەمەوە
یا وەك (بێکەس)
یەخەی (ئەدمۆنس) ی چۆن دڕی
منیش بڵێم
نەوەی کوردم ناتوێمەوە
تاکوو بڵێم

هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
لەتەك بەهاردا دێمەوە
دەبم بە گڕ بۆ نەوەی نوێ
بە (ئاتەشگا) بۆ سبەینێ
بە ئێسکی خۆم
گڕ خۆش دەکەم
مژدەی نەورۆزتان پێ دەدەم. . .

تێبینی
(1) ____
ئەو خوێنەی لەنەورۆزی ئەم ساڵدا لەباشوری بچوك ڕژێنرا سەرەتای ڕاپەڕینی سەر تاسەری
کوردستان دەبێت. . ئەو دوژمنانەی کورد کۆتاییان هاتووەو چاڵی مەرگ بۆخۆیان هەڵدەکەنن
بە هیوام هەموو کورد دژی ئەو تاوانانە بوەستن و پشتگیری لە نەتەوەکەی خۆیان بکەن. ئەو خوێنەی ئەمڕۆ لەوان دەڕوات سبەینێ لەئێمە دەڕوات و ڕۆژی یەکبوون ویەکگرتنە. لە کۆڕو کۆمەڵێ دووربکەونەوە کە چقڵی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ڕیزەکانتانا ئەنێژن. . ئێمە هەموومان قەرزارباری شەهیانمانین. نەمری بۆ ئەوان سەرشۆڕیش بۆ دوژمنانی کورد لەهەر کوێ هەن. . .
(2) ئەم شیعرە لە ڕۆژی بیست و دووی مانگی ئازاری ساڵی هەشتاو چواردا پەل بەست و دەم بەست و چاو بەست کراو لە (قاسەکەی) نوسەرانی کوردا لە شاری سلێمانی، کەلەگەڵ نووسەرانی (عێڕاق) بووبوون بەیەك دەرگای پۆلاییینی لێ داخرا، ڕێگەی پێ نەدرا لەوکۆرەدا بیخوێنمەوە کەلەهۆڵی کرێکاران سازکرابوو بەبۆنەی ئەو یەکگرتنە چاوشۆڕەوە. لەوکۆڕەدا خوالێخۆشبوو (سالح دیلان) ساجد ئاوارە حەمەئەمین پێنجوینی. . (لەتیف، ناوی باوکیم لەیاد نەماوە) (کیژۆڵیەك کە ناویم لەیاد نەماوە) بەشداریان کردوو شیعریان خوێندەوە. . منیش وەك هەموو جارێ بەدڵشکاوی لەهۆڵەکە هاتمە دەرەوە. .